www.kurdistannet.org

18-3-2006 14:47بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ دایکم ... ئالان پەری


دانمارک/ئێسپییە

alanpary@yahoo.com

www.01alan.blogspot.com





دایە... دایەکەم...
لەمێژەئەم وشە کۆنانەم بۆ داناوی...
لەیەکەم ریز بەندی کۆنترین نوسراو و..
لەمناڵێتی خۆرو.... ....
لە هەتیوی ئەوبۆشاییەی نێوان خۆرو زەوی.
دایە.... دایەکەم..
لەمێژە ویستومە ئەوناوەی پڕ لە خوناوت...
لەتاریکی جلی گەڵاکانی خەمەکانت دەرکەم....
، ، .
لەنیشتەجێبونی یەکەم هۆز لەتاراوگەی ئە وین و...
لەمەرگی یەکەمین کۆرپەی ماچ و...
لەڕوخانی دوایەمین کۆشکی لمی گەردون.
دایە... دایەکەم...
تۆ بۆ لەباتی دەریاکان دەگریت؟؟؟؟
تۆبۆ لەجیاتی هەوری زستان ئەقیژێنی؟؟؟
دایە تۆ لەسۆراخی هاتنەوەی کەشتییە ونبووەکانی تەمەن گەڕێ.. ، ،
من دەمێکە نوقمی عومری کۆشی تۆ بوم.
دایە.. دایەکەم..
لەمێژە.... ، هەر پێش لەدایکبونی بەفرو.. دوای مردنی خەونەکان... ، ،
من نینۆکی ڕەشەباکانم شکاندو...
چەپۆکی شۆستەکانی چاوەڕوانیم تەزاند .... ، ،
دایە.... تۆ بۆ لەباتی قڵیشانی خاک خۆت وشک دەکەیت و...
لەنێو درزە تینوەکانەوە دەناڵێنی.. ؟؟؟
دایە تۆ بۆ لەبری قەدەرەکان بجەنگێی.. ؟؟؟
دایە... دایەکەم..
هەر لەمێژە بریارم دابوو بێمەوەلات.. ،
وەک جارانی مناڵیم جەستەو دڵە وردیلەکەم...
لەبەردەم باوەشی عەتری گەرمت..
وەک شاخێکی بەستەڵەک بتوێمەوەو...
بتلێمەوە لە پەشیمانی، هەموو گوناح وسەفەرەکانم.
دایە... دایەکەم
دایە... دایکەکەم وا دەگەڕێمەوە...
تۆش بملاوێنەوە... بملاوێنەوە.